# د.بورهان یاسین هاوکار و ئەندامی کەمپەینەو دەستی لەکار نەکێشاوەتەوە

راگەیاندنی ژمارە 27

لەئەنجامی بەهەڵە خوێندنەوەی هەندێ کارو پێوەندی نێوان کۆمیتەی سەرپەرشتیکار و بەڕێزانی ژووری کوردستان یونایتید دا، د.بورهان یاسین، بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەربکرێن و لێکتێگەیشتن جێگەی بەدحاڵیبوون بگرێتەوە، وەک سەرپەرشتیکاری کەمپەین و کۆمیتە دەستی لەکار کێشایەوە. بەڵام ئەم دەست لەکارکێشانەوەیە شتێکی نوێ نەبوو بۆکۆمیتە، چونکە د.بورهان بەهۆی باری تەندروستییەوە ئەستەم بوو کارەکانی وەک سەرپەرشتیکار رایی بکات ، بۆیە پتر لەمانگێکە جێگری سەرپەرشتیارو لێژنەی راگەیاندن و ئەندامانی کەمپەین زۆربەی کارەکانی ئەو رادەپەڕێنن. ئەمانە لەسەر داوای د.بورهان خۆی بووە بۆ ئەوەی گوشاری لەسەر کەمبێتەوە، چونکە باری تەندروستیی زۆر دژوارەو پێویستی بە پشووی زێتر هەبووە.

بەڵام سەرەرای هەموو ئەو سەختییانەی دووچاری د.بورهان بووەتەوە، هەمیشە وەک راوێژکارێک خاڵی یەکلاییکەرەوە بووە لەنێوان ئێمەدا ، ئێمە کە پێکهاتەیەکی جیاوازی ئایدۆلۆژیین لە چەپ و راست و نەتەوەیی و کۆمۆنیست و لیبراڵ و ئازادییخواز پێکهاتووینە، هەمیشە د.بورهان وەک هەوێنی کارەکانی ئێمە توانیویەتیی تەبایی و لێک نزیک بوونەوەکانمان زێتر بکات. لەراستییدا ئێمە هەموومان یەک خاڵ کۆمان دەکاتەوە کە ئەویش داکۆکییکردن لە ئازادیی بیروڕادەربڕین و مافی مرۆڤە لەکوردستاندا.

ئێمە وەک کەمپەینی ئازادیی بۆ د.کەمال سەیید قادر –کۆمیتەی سەرپەرشتیکار رایدەگەیەنین، کە د.بورهان یاسین تەنها کارێکی ئاڵوویڵ کردووە بەکارێکی تر، ئەو هەر هاوکارو داکۆکییکارە لە کەمپەین و ئەندامی کەمپەینەکەیەو تا ئازادکردنیی یەکجاریی د.کەمالیش هاوشان و هاوکارمان دەمێنێتەوە. تەنها شتێک کە رووی دابێت ئەوەیە ، کە ئەو بەرپرسیاریەتییەکان لە ئەستۆ ناتوانێ بگرێ ، چونکە بەهۆی رێنمایی پزیشکییەوە، پێویستی بەپشووی بەردەوام هەیە و باری تەندروستیشی رێگەی پێنادات وەک سەرپەرشتیکار بمێنێتەوە. ئەمەش زێتر لەو سۆنگەیەوە دێت کە

بەڕێزی حەز دەکات ئەگەر کارێک بکات بە فەرمیی و بەتەواوەتیی هەڵیبسوڕێنێت ، بەڵام لەکاتێکدا بەهۆی باری تەندروستییەوە بۆی ناکرێ ، ویژدانی ئاسوودە نابێت کەوەک سەرپەرشتیکار بمێنێتەوە، بۆیە لە ئێستا بەدواوە وەک ئەندامێکی کۆمیتەکەو هاوکارێک لەگەڵمان دەمێنێتەوەو ئێمەش شانازیی بە ڕێنماییەکانییەوە دەکەین.

کەمپەینی ئازادیی بۆ د.کەمال سەیید قادر
کۆمیتەی سەرپەرشتیکار
5-3-2006